# مەرگی داهێنەرێکی مەزن



١٩١٥-٢٠١٢

لەهەفتەی ڕابردوودا جیهانی ئایتی و تەکنۆلۆژیای نوێ یەکێك لەگەورەترین داهێنەرانی خۆی لەدەستدا، داهێنەرێك کە هیچ کام لەئێمە نییە لەداهێنانەکەی ئەو سوودی وەرنەگرتبێ و نەزانین چ ئەرکێکی گرنگی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە.
ڕۆژی 22 مانگی 5 بەڕێز Eugene.J.polley داهێنەری ڕیمۆت کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن کە یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی نیو سەدەی ڕابردوو لەتەمەنی 96 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لەساڵی

## کاتژمێری بێدارکردنەوە بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ



ئەوکاتەی لەشـیرین خـەوی بەیانیاندای و کاتژمێرەکەت دەسـتدەکات بەجـەڕەس لێدان و لەخەوت بێدار دەکاتەوە و جـار هەیە لەدووپات بوونەوە و درێژەکێشانی جەرەسەکە بێزار دەبی، چ شتێك لەوە باشتر نییە کە کاتژمێرەکە بەڕیمۆت کۆنترۆڵ بێت و بێئەوەی کە لەخەو هەستی بەداگرتنی دوگمەیەك جەڕەسـەکە قەتع بێت. ئەم کاتژمێرەی وێنەکەی لێرەدا دەبینن، کاتژمێرێکی LEDای دیجیتالییـە. جگە لەوەی ڕووناکییەکی کـەم و ئارام بۆ ژووری خەوەکەتان دابین دەکات و ژمارەکان بەباشی دەبیندرێن، ڕیمۆت کۆنترۆڵێکی لەگەڵدایە کە بۆ ڕێککردنی کاتژمێرەکە و قەتعکردنی جەرەسەکەی بێئەوەی کە لەخەو ڕابی دەتوانی سوودی لێوەربگری.

## گڵۆپێکی ڕەنگاوڕەنگ بە ریمۆت کۆنترۆڵەوە

ریمۆت کۆنترۆڵ بەداخەوە تەمبەڵییەکی زۆری بۆ بەکارهێنەرەکەی هێناوە، بەجۆرێـك بەکارهێنەری ئەم گلۆپە ئامادە نییە هەسـتێت دەسـت بەپلاکی کارەباکەوە بنێ بۆ کوژاندنەوەی گلۆپەکەی!
ئەو گلۆپە کارەباییە بەئاسـانی دەچێتە ناو هەر شوێنێکی گلۆپ، دواتر بۆ کوژاندنەوە و هەڵکردنی پێویسـتی بەسویچ پلاکی سـەر دیوارەکە نییە. تایبەتمەنـدی گلۆپە خاوەن کۆنترۆڵەکە هەر بەوەندە نەوەسـتاوە بگرە خاوەنی 16 جۆر ڕەنگە و هەروەها 4 ئێفێکتی ڕووناکی لەگەڵدایە کە بەویستی خۆت دەتوانی دایبنێی.



## ئامێری ساردکەرەوە بە ریمۆت کۆنترۆڵ




بەفرگر و فرێزێر (سەلاجە و موجەمیدە) بەزۆری لەکونجی چێشتخانەدان و لەشـوێنی حەوانەوە و حەسـانەوە دوورن، بۆ هێنانی ئاوێکی سـارد یا ساردەمەنییەك دەبێ بچیە چێشتخانە، بەڵام چ دەبوو ئەگەر لەبری ئەوەی کە تۆ بچی بۆ چێشـتخانە بۆ خواردنەوەی ئاوێکی سـارد یا شەربەتێکی فێنـك، بەفرگرەکە بۆخۆی هاتبا. لەجیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالیدا ئەوە خەیاڵ نییە، سـەیری ئەم سـاردکەرەوە بچووکە بکـەن بەڕیمۆت کۆنترۆڵ دەتوانی لەڕێگای دوورەوە بیهێنیە ژوورەکەی خۆت.
دەتوانی پێشتر پڕی بکەی لەساردەمەنی و یان تەنانەت میوەو خواردەمەنیش و هەرکاتێك میوانتان هات پێشوازی لەمیوانەکانتان بکات!

# ـــــه تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا



**1955 توانی یەکەمین ڕیمۆت کۆنترۆڵی بێ وایەر بەناوی Flash-matic دابهێنێ. دیارە ئامێری کۆنترۆڵ لەڕێگای دوور دواتر هەر پێوەندی نەبوو بەتیڤیەوە، بگرە ئامێرەکانی دواتریش بوون بەخاوەن ڕیمۆت کۆنترۆڵ. بۆ ڕێزگرتن لەو داهێنەرە مەزنە چەند ئامرازێك دەناسێنین کە بەڕیمۆت کۆنترۆڵ کار دەکەن، هەرچەندە کەم ئامرازی دیجیتالی هەیە ڕیمۆت کۆنترۆڵی نەبێت.**

## شوێنی کلینکس بە ریمۆت کۆنترۆڵ



هەروەك هێنانی گڵاسە ئاوێك لەچێشتخانە، هێنانی کلینکس یا دەســـماڵی کاغەزی بۆ مرۆڤــە تەمبەڵ و کەم جووڵەکان ســـەختە! بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە تووشی پەسیو بووە یان لەســـەر سفرەی نانخواردنەو تاقەتی هێنانی کلینکسی نییە!

ئەم شوێنی دەسماڵ کاغەزییە، ڕیمۆت کۆنترۆڵی هەیە و دەتوانی لەهەر شوێنێك بێ بۆ لات بێت. ئەو ئامێرە ســێ ڕەنگی تایبەتی هەیە و لەمـــەودای نزیکەی 10 مەتر کارایی هەیە، ئەگـــەر تاقەتت نییە تەنیا 10 مەتــر جووڵە بکەی، فەرموو ئەو ئامێرە بۆخۆت بکڕە.

## ریمۆت کۆنترۆڵێک بۆ ڕابواردن و ئازاردان!

داهێنـــەری مـــەزن Eugene J. Polley ڕەنگــە قــەت ڕۆژێــك بیری لەوەنەکردبێتەوە کە داهێنانەکەی هەر ســوودی نییە و بگرە کەســانی زیانبەخش دەتوانن ئەو ئامێرە پێچەوانە بکەنەوە و ماڵوێرانی و کارەساتێکی زیانبار بخولقێنن وەك تەقاندنــەوەی بۆمــب و میــن بەڕیمۆت کۆنترۆڵ و یــان وەك ئەو ڕیمۆت کۆنترۆڵەی کە لێرەدا باسی دەکەین!

ئــەم ڕیمۆت کۆنترۆڵە کــە وێنەکەی لێرەدا دیارە، ئامێرێکــە بۆ ڕابواردن و ئازاردانی خەڵکانی دیکە. ئێوە دەتوانن لەمەودای زیاتر لە120 مەترییەوە بێئەوەی کە هیچ کەســێك هەســت پێبکات، بەخەڵکانی دیکە ڕابوێری وەك ئەوەی بەبەر دەرگای مارکێتێکی گەورەی تەلەڤزیۆن و ئامێری ئەلکترۆنی دابڕۆی، یەکسەر هەمــوو تەلەڤزیۆنەکان بگۆڕی، یان دەنگیــان بەرز و نزم بکەی، یان دوگمەیەك دابگــری هەتا 15 خولەك ئۆتۆماتیکی تەلەڤزیۆنەکان دەنگیان بەرز و نزم و بێت و خۆیان بگۆڕدرێن.



## تۆپێک بە ریمۆت کۆنترۆڵ کار دەکات



قەت بیــرت لەوە دەکردەوە کە ســادەترین ئامێــری کایەکردن واتە (تۆپ) بۆ ســوود لێوەرگرتنەکەی پێویستی بەڕیمۆت کۆنترۆڵ بێت. تۆپی Sphero ئەم تۆپەیە کە بەڕیمۆت کۆنترۆڵ دەتوانی کۆنترۆڵی بکەی.

تۆپــی sphero بەکەڵکی یاری تێنس و پینگ و پۆنگ نایەت. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تۆپێکی هۆشـــمەندە دەتوانی بەهۆی ڕیمۆت کۆنترۆڵـــەوە بەرزی بکەیەوە و بیجوڵێنی و بەویســـتی تۆ بخولێتەوە. تەنانەت ئەگەر زۆرت لێ دوورکەوتەوە و تاقەتت نەبوو بیهێنیەوە تەنیا بەڕیمۆت کۆنترۆڵەکەی بیگەڕێنەوە.



# سایتێک بۆ بەڕێکردنی فاکس بە خۆڕایی




ڕەنگــە فاکس ئەو کاریگــەرەی جارانی نەمابێ، هەرچەندە هەتا ســەرەتای ســاڵی دووهەزار و بۆ هەندێك وڵات ڕەنگە دواتریش فاکس بۆ گەیاندنی مەبەســت و بەڕێکردنی بابــەت و وتار و وێنە ڕۆڵێکی کارای بینی، بەگشــتگیربوونی ئەنتەرنێت و بوونی ئیمێل فاکس ئەو کاریگەرەی جارانی نەماوە، بەڵام ئەگەر تۆ یەکێکی لەوکەســانەی هێشــتاش پێویستت بەئامێری فاکسە و دەتەوێ فاکس بۆ هاوڕێیان و دۆســتانت بنێری، لەســایتی www. Hellofax.com بەخۆڕایــی و بێ بەرامبــەر دەتوانیــت 20 لاپەڕە فاکس بۆ هاوڕێیان و شــوێنی مەبەست بنێری. بۆ بانگهێشــتکردنی کەســێك بۆ ئەم سایتە 5 لاپەڕەی دیکەش بەو ژمارەیەوە زیاد دەبێت.

لەم ســایتەدا تایبەتمەندییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەتوانیت لەســەر هەر فاکسێك کە بەڕێی دەکــەی ئیمــزای دیجیتالی خۆتی لێبدەی بــۆ ئەوەی کــە بزانرێــت خاوەنی فاکســەکە، کەسێکی دیکە نییە. پێشووتر کە سەنتەرەکانی تەلەفۆن و فاکس لە کوردستاندا بوونــی هەبــوو، ناردنی ئەو چەنــد لاپەڕە فاکســە تێچوویەکی زۆری دەویست.. ئێستا بەخۆڕایــی لەســایتی www. Hellofax فاکس بەڕێ بکە.

# پرێنتەرێکی پێچەوانە!!



بــەڕای ئێــوە دەبێ ناوی ئەو ئامێرە چــی بێ ؟ ئامێرێك کە وەك پرینتەرێك دەچێــت، بەڵام کارکردەکەی پێچەوانەی پرینتەرە، پرینتەر ئەو ئامێرەیە کە هەرچی لەســەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە بێت دەیخاتەسەر کاغەز، بەڵام ئەو ئامێرە پێچەوانە هەر کاغەزێك لەســەری نووســرابێت، لەئامێرەکەی دەخەی و بەداگرتنی دوگمەیەك تەواوی نووسینەکەی سەر کاغەزە دەسڕێتەوە!

لەوئامێرەدا بۆ ســڕینەوەی کاغەز لە لەیزەر ســوود وەرگیراوە کە بەهۆیەوە دەتوانن حیبری سەر کاغەزەکان جارێکی دیکە بســڕنەوە و وەك کاغەزێکی سپی لێبکەنەوە. لەڕاستیدا لەیزەرەکە حیبری سەر کاغەزەکە دەکاتە هەڵم بەجۆرێك هیچ زیانێك بەکاغەزەکە نەگەیەنێت. ئەو زانایانەی ئەم ئامێرەیان بەرهەمهێناوە دەڵێن لەداهاتوودا دوگمەی Unprinet لەســەر خودی ئامێری پرینتەر و ئامێرەکانی فۆتۆکۆپی دادەندرێت تا بتوانن جارێکی دیکە کاغەزەکان بسڕنەوە. ئەو ئامێرە ئەگەر بەتەواوی و بێ گرفت بەرهەم بێت خزمەتێکی گەورە بەمرۆڤایەتی دەکات، بۆ نموونە ســاڵانە بەملیار کتێبی دەرسی فڕێ دەدرێت، ئەگەر بەهۆی ئەو ئامێرەوە بسڕدرێنەوە ئیدی چەندین جار سوودیان لێوەردەگیرێتەوە!

# شەحنکەرەوەیەک بۆ هەموو ئامێ

لەم سەردەمەدا کەم ماڵ هەیە چەندین ئامێری تێدا نەبێت کە پێویســتیان بەشــەحنکردنەوە واتە بــارگاوی کردنەوەی باتــری ئامێرەکە لەڕێگای کارەباوە نەبێت، وەك مۆبایل، میدیا پلەیەر، تەبلێت، کامێرا، لاپتۆپ...تاد. هــەر کام لەئامێرەکانیش شــەحنکەرەوەی تایبەت بەخۆیان هەیە هی هیچ کام لەئامێرەکان بۆ یەکتر ناگونجێن. لەم ڕۆژانەدا ئامێرێك هاتۆتە بەرهەم کە ئەو گرفتەی چارەسەر کردووە و بەجۆرێك کــە هەموو ئامێرەکان دەکرێت بەهۆیەوە بارگاوی بکرێنەوە.

ئامێرەکــە بەناوی power brick ناســراوە،



# لە قووڵایی دەریاوە فیلم و وێنەکانت بگرە




ئەگــەر حــەزت لەمەلەکردنە و چوونە نــاو قووڵایی دەریاکانە و دەتەوێ وێنەکانی ناو دەریاکان بگری، وێنەی ماســییەکان و گژوگیا دەریاییەکان و بوونەوەرەکانی تر! ئەوە پێویستت بەکامێرای HMX-W300ی کۆمپانیای سامســۆنگە، بەهۆی ئەو کامێرایەوە دەتوانی لەقوڵایی زیاتر لە16 فوت لەژێر دەریاوە وێنە بگری! تایبەتمەندی کامێراکــە هەر لــەوەدا نییە کە لەقولایــی دەریادا وێنە دەگــرێ، بەڵکــو ئەوەندە بەهێــز و پتەویشــە دەتوانی لەبەرزایــی تەلارێکــەوە بەریدەیە خــوارەوەو بێ ئەوەی کــە گرفتێکی بۆ بێتە پێش، جگە لــەوەش دەتوانی لەو پەڕی تۆز و خۆڵبارینــدا کە مەودای دیتن کەم دەبێتەوە بــێ گرفت وێنە بگری. کامێراکە بــۆ فیلم هەڵگرتنەوە لەهەســتەوەری 5 میگاپیســکلی فول ئێچ دی ســوود وەردەگــرێ و بــۆ وێنەگرتنیش لەهەســتەوەرێکی 5.5 میگاپیکسلی ســوود وەردەگرێت. زوومی دیجیتالییەکەی 3 بەرابەرە. بۆ خەزنکردنی وێنەکان لەمیمۆری جۆری mi-cro SD/SDHC/SDXC ســوود وەردەگرێ و بەهۆی کۆمپیوتەریشەوە شەحن دەبێتەوە.



## هه‌ر جاره‌و وه‌ڵامی پرسیارێک

خوێنه‌رێكـــی به‌ڕێـــزی ئایتـــی پرســـیارێكی ئاڕاســـته‌ی فایلـــی ئایتی كردووه و ده‌پرســـێت، له‌ســـه‌ر كۆمپیوته‌ره‌كـــه‌م ماوه‌یه‌كه فۆڵده‌رێك به‌نـــاوی new folder په‌یدا ده‌بێت، ئایا ئه‌مه ڤایرۆسه، ئه‌گه‌ر ڤایرۆسه چۆن لاده‌چێت؟

خوێنـــه‌ری به‌ڕێـــز به‌ڵـــێ ئه‌مه ڤایرۆســـه و كاری تێكده‌رانـــه‌ی ڤایرۆســـه‌كه ئه‌مانـــه‌ن، به‌هه‌ر كلیك كردنێك فۆڵده‌رێكی وه‌كو خۆی كۆپی ده‌كات، له‌به‌شـــی stat دا فه‌رمانی Turn Off Computer ڕاده‌گرێـــت. جگـــه لـــه‌وه‌ش ئـــه‌و فه‌رمانـــه‌ش ڕاده‌گرێت Registry Tools، هه‌روه‌ها Task Manager ڕاده‌گرێت. ئه‌گه‌ر زیاتر بمێنێتـــه‌وه زۆر زیانی دیكه‌ش ده‌گه‌یه‌نێـــت. بـــۆ له‌ناوبردنـــی ئه‌و ڤایرۆســـه ده‌بێت پرۆگرامێكی زۆر بچووك به‌نـــاوی Kill New Folder لەســـه‌ر كۆمپیوته‌ره‌كه‌ت دابه‌زێنی، به‌یه‌ك كلیك ڤایرۆســـه‌كه ده‌سڕێته‌وه، به‌ڵام ده‌بێت بۆخۆت ئه‌و فۆڵده‌رانه‌ی به‌و ناوه‌ن newfolder بسڕیه‌وه. به‌ڵام هیـــچ كام له‌وانه مه‌كه‌وه. بۆ ئه‌وه‌ی لێت تێكنه‌چێت له‌گه‌ڵ فۆڵده‌رێك كه به‌نـــاوی new folder ئه‌وه‌یه، new folderی ڤایـــرۆس قه‌باره‌كه‌ی ته‌نیا 140 كیلۆبایته.

# بڵێی چاویلكه دیجیتاڵییه‌كان گشتگیر بن؟

له‌ماوه‌ی ڕابردوودا سه‌باره‌ت به‌داهێنانه‌كه‌ی كۆمپانیای گـــوگڵ واته ئـــه‌و چاویلكه‌ی كه ده‌توانـــی به‌هۆیه‌وه ســـه‌یری لاپه‌ڕه‌كانی ئه‌نته‌رنێـــت بكه‌ی و فیلم و وێنه‌كان ببینی و گوێ له‌موسیقی بگری، بابه‌تمان بڵاوكرده‌وه. به‌ڵام گوگڵ هێشتا داهێنانه‌كه‌ی نه‌خستۆته بواری جێبه‌جێكردنه‌وه و نه‌یخستۆته بازاڕه‌وه، هه‌تا داهێنانه‌كه‌ی گوگڵ دێته بازاڕ، ده‌توانن ســـوود له‌چاویلكـــه‌ی دیجیتالی ST1080 وه‌ربگـــرن، كه به‌هۆیـــه‌وه ده‌توانن وێنه‌ی دوو ڕه‌هه‌نـــدی و ســـێ ڕه‌هه‌نـــدی به‌قه‌د 100 ئینج و به‌كوالیتی Full HD ببینن. كێشـــی چاویلكه‌كـــه 180 گرامـــه، كاتێك له‌چاوی ده‌خه‌ی وه‌ك سه‌یری شاشه‌یه‌كی 100 ئینجی بكه‌ی وایه، ده‌توانی به‌هـــۆی كۆمپیوته‌ره‌وه شـــه‌حنی بكه‌یه‌وه و فیلم و وێنه‌كانیشی هه‌ر له‌كۆمپیوته‌ر وه‌ربگری.





## ـــــره دیجیتاڵییه‌كان

له‌به‌شـــی پێشـــه‌وه‌ی ئامێره‌كه‌دا چه‌ند شوێنێكی USB هه‌یـــه لـــه‌2 ڤۆڵته‌وه تـــا 10 ڤۆڵت كه بۆ گشـــت ئامێره‌كانی وه‌ك مۆبایـــل و كامێرا و ته‌بلێت.. له‌به‌شێكی شه‌حنكه‌ره‌وه‌كه‌دا دوو شوێنی 1500 ڤۆڵتـــی هه‌یه بۆ ئامێـــره گه‌وره‌كانی تر. هه‌روه‌ك ئاماژه پێدرا ناوی ئه‌و شه‌حنكه‌ره‌وه "پاوه‌ر برێكه" به‌مانای هێزی كه‌رپوچ یا خشـــت دێت، بـــه‌و هۆیه‌ش ئه‌م ناوه‌ی لێنراوه كه ســـایزی ئامێره‌كه به‌قه‌د خشـــتێك ده‌بێـــت. وایه‌ری گشـــت ئه‌و ڕابیتانه به‌رز و درێژ ده‌بێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی كه بۆ هه‌موو ئامێره‌كان پێكه‌وه بگونجێت.



# نۆت په‌دێكی به‌هێزو بچوك




دوو كۆمپانیـــای ناســـراوی بواری ته‌كنۆلۆژیـــای نـــوێ پێكـــه‌وه نۆت په‌دێكـــی ئه‌ندرۆیدی به‌هێزیان به‌رهه‌م هێناوه كه به‌نۆت په‌دی جۆری Ra-gage6 ناســـراوه، (نۆت په‌د ئامێره‌كه وه‌ك ته‌بلێت ده‌چێت). شاشـــه‌ی نۆت په‌دی ناوبراو 7،5 ئینجه. كامێرایه‌كی 3.2 میگاپیكســـلی هه‌یـــه، له‌گه‌ڵ سیســـته‌می دۆرزه‌ره‌وه‌ی جوگرافـــی GPS و ســـكاینه‌رێكی باركـــۆد خوێندنه‌وه. له‌نۆت په‌ده‌كه‌دا، بلوتوس و هه‌روه‌ها سیسته‌می وایفای هه‌یه. له‌و نۆت په‌ده‌دا له‌پرۆسیســـه‌رێكی 806 میگاهێرتـــزی و 256 میگابایت ڕام سوود وه‌رگیراوه. Rampage6 ته‌واو دژه ئاو و دژه گه‌رد و خۆڵه.